# ئەگەر بمانەوێت گرفتی سووتەمەنی نەمێنێت رۆژانە پێویستمان بەیەک ملیۆن و نیو لیتر بەنزین و یەک ملیۆن و دوو سەد هەزار لیتر گازوایل و یەک ملیۆن لیتر نەوت هەیە



## بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر:

## ئەگەر رۆژانە یەک ملیۆن لیتر نەوت بۆمان بێت ئەوە ساڵانە هەر خێزانێک دەتوانرێت چوار بەرمیل نەوتی پێبدرێت

**گرفت و کێشەی سووتەمەنی ماوەی پتر لە ١٦ ساڵە بۆتە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی هاووڵاتییانی کوردستان و لەبەر کەمی و گرانی لە بازاڕی ئازاد خەڵك لەبەری دەناڵێن و رۆژ لە دوای رۆژ بەتایبەتی لەوەرزی زستان و سەرما و سۆل کاریگەری خراپتر و قورستر دەبێت، هەرچەندە حکوومەتی کوردستان و لایەنی پەیوەندیدار چەندین رێوشوێن و هەوڵ و تەقەلایان داوە، بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەی گرفتەکە، بەڵام ساڵانە لە وەرزی زستان دەبێتە قات و قڕی و نرخی سووتەمەنی بەتایبەتی نەوت زۆر بەرز دەبێتەوە، و سستی و کەمی دابەشکردنیش لەبەنزین بەرچاو دەکەوێت، بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانەو چەندین پرسی دیکە و زانیاری ورد ئەم راپۆرتە دەخەینەڕوو:**

راپۆرت: ساڵح عومەر

*** بۆ ئەو مەبەستەش سەردانی بەڕێوبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێرمان کرد.**

**بەرێز ئەندازیار نورەدین حامید بەڕێوبەرەی دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر لەسەرەتادا ئاماژەی بە بڕی پێویست و هاتوو لە سووتەمەنی بۆ پارێزگای هەولێر کرد و گوتی:**

وەکو شاری هەولێر ئەگەر بمانەوێت گرفتی سووتەمەنی نەمێنێت رۆژانە پێویستمان بەیەك ملیۆن و نیو لیتر بەنزین و یەك ملیۆن و دوو سەد هەزار لیتر گازوایل و یەك ملیۆن لیتر نەوت هەیە.

ئەگەر رۆژانە یەك ملیۆن لیتر نەوت بۆمان بێت ئەوە ساڵانە هەر خێزانێك دەتوانرێت چوار بەرمیل نەوتی پێبدرێت، بەڵام لە باشترین کاتەکاندا (٪٣٠) ئەو بڕە سووتەمەنییە پێویستیانەمان پێدەگات و لەو کاتەی گرفتی تەکنیکی یاخود ئەمنی دێتە پێشەوە ئەوە(٪٣٠)ش لە بڕی هاتوو دێتە خوارەوە و کەم دەبێتەوە هەندێ جار بۆ هەفتەیەك، دە رۆژ، یەك لیتر لە سووتەمەنییەکانمان بەدەست ناگات، ئەوکات کێشەکان پتر زەق دەبنەوە.

*** بۆچی گۆرانکاری لە دابەشکردنی بڕە بەنزین لە ماوەی دوو هەفتەی رابردوو هاتووە؟ ئایا هەر بەم شێوەیە بەردەوام دەبن یاخود دەگەڕێنەوە بۆ سەر شێوەی دابەشکردنی پێشوو؟**

**لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا بەڕێوبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر گوتی:** بەو سیستەمەی کە پێش دوو هەفتە کارمان پێ دەکرد لە دابەشکردنی بەنزین، کە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و تایبەتییەکان(٤٠) لیتریان بۆیەك هەفتە پێدەدرا و(٤٠) لیترش بۆ(٣) رۆژ بۆ تەکسییەکان دابینکرا بوو بەو پێیە شاری هەولێر پێویستی بە مانگانە(١٨) ملیۆن لیتر بەنزینە، بەڵام لە ٢٠٠٧/١١/٢٦ پاڵاوگەی بێجی کە تاکە سەرچاوەی هێنانی سووتەمەنییە بۆ هەرێمی کوردستان(بۆ زیاتر روونکردنەوە پاڵاوگەی بێجی بۆ هەشت شار(ئەنبار و دیالە و موسڵ و سەلاحەدین کەرکووك و هەولێر و دهۆك و سلێمانی) سووتەمەنی، دابین دەکات) کەوتە ژێر نۆژەنکردنەوە و رێژەی پاڵاوتنی نەوت کەمبۆوە بۆ (٪٢٥) بەمەش رێژەی گەیشتنی سووتەمەنییەکان بۆ ئێمەش کەمتر دەهات بۆیە بڕی بەنزینە دابەشکردنەکە گۆڕا کە تاکسی (٥) رۆژ جارێك (٤٠) لیتر وەربگرێت و ئۆتۆمبێلی بار هەڵگر و تایبەتییەکانیش (١٠) رۆژ (٤٠) لیتریان پێبدرێت هەر کاتێك کێشە و گرفتەکانی پاڵاوگەی بێجی چارەسەر بکرێت، ئەوە دابەشکردنی بەنزین وەکو سیستەمی پێشتری لێدێتەوە، وەکو ئاماژەم پێکرد رۆژانە پێویستمان بە

**گرفتی كەمی و نەبوونی كارەبا كاریگەری راستەوخۆ و سەرەكی لەسەر سووتەمەنی و بازاڕ هەیە**

یـەك ملیۆن و نیو لیتر بەنزیـــن هەیە كە مانگانە دەكاتە(٤٥) ملیۆن لیتر ، بەڵام لە باشـــترین كاتەكاندا(٣٠٪) ئەو رێژەیەشمان بەدەست ناگات، بۆیە بەردەوام(١٨) ملیۆن لیتر بەنزینـــی پێدەگمان هەبووە لە عەمبارەكان و، لەو رۆژانـــەی بەنزین كەم هاتووە ئێمە لە عەمبارەكان دەرمان هێناوە و ئێســتا دەمانەوێت عەمبارەكانیش وەكو خۆی پڕ بكەینەوە.

*** بۆچی تاكە ســەرچاوە پێچیە؟ ئایا لە وڵاتانــی دەورووبەر ناتوانرێ سووتەمەنی بهێنرێت یاخود لە هەر وڵاتێكی دیكە بێت كە وەكو پێشتر بۆمان دەهات؟**

لە وەڵامدا گوتی: پێش ســاڵی (٢٠٠٧)،(٧٠٪) ســووتەمەنییەكان لە دەرەوە دەهێنرا بۆ عێراق و (٣٠٪)ش لە ناو پاڵاوگەكانی عێراق دابین دەكرا، بەڵام بە بڕیارێكی وەزارەتی نەوتی عێراقی لە ژێر فشاری بانكی نێودەوڵەتی هێنانی هەموو جۆرە ســووتەمەنییەك لە دەرەوە بۆ نــاو عێراق قەدەغەكرا، بۆیە تاكە ســەرچاوەی سووتەمەنی لە ساڵی (٢٠٠٧) دا تەنیا پاڵاوگەكانی بەرهەمهێنانی نەوت بوو لە ناو عێراقدا.

*** بۆچی بانكی نێودەوڵەتی ئەم فشــارەی دروست كرد و وەزارەتی نەوتی عێراقیش كردیە بڕیار؟**

مەبەســتی بانكی نێودەوڵەتی ئەوە بووە كە عێراق باری ئابووری باشــتر بێــت و بــە بەرهەمهێنانی نەوت گەشــە بە باری ئابــووری عێراق بدات ، قەرزەكانی ســەر عێراق كەم بێتەوە، چونكە پێش ســاڵی (٢٠٠٧) عێراق (٧٠٪) ســووتەمەنییەكانی لە دەرەوە دەهێنــا، بەمەش تێچوونی ئەو رێژەیە دەگەیشتە(٧) ملیار دۆلار، لەگەڵ راگرتنی ئەم رێژەیە، پاڵاوگەكانی ناوخۆ بەتایبەتی بێجی (٣٠٪) پێداویســتییەكانی لە توانادا هەیە و هەندێ جار وەكو گوتمان لە بەر كێشــەی تەكنیكی و ئەمنــی زۆر كەمتریش دەبێت و دەبێ ئەوەش بزانین پاڵاوگەی بێجی لە ســاڵی ١٩٨٣ دامەزراوە و لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ئەو كات گونجاو بووە، بەڵام ژمارەی پێداویستی ئێستا بەلایەنی كەم دوو بەرامبــەر زیادی كردووە، لەوماوەی كە پاڵاوگەی بێجی لە ژێر نۆژەنكردنەوەدا بووە لە ٢٠٠٧/١١/٢٦ تا ٢٠٠٧/١٢/٢٠ تەنیا (١٣) ملیۆن لیتر بەنزینمان بەدەســت گەیشتووە و (٥) ملیۆنمان لە عەمبارەكانی خۆمان وەرگرتووە و دابەشــی ســەر ئۆتۆمبیلەكانی هەولێرمان كردووە و لە ٢٠٠٧/١٢/٢٠ تــا ٢٠٠٨/١/٢١ لەو ماوەیەش كە پاڵاوگەی بێجی كەوتەوە كاركردن بەرێژەی پێشــتر لەو ماوەیەش كە مانگێك دەبێت تەنیا (٩) ملیۆن لیتر بەنزینمان بەدەست گەیشت بۆ دابەشكردنی خۆمان بڕی(٩) ملیۆن لیتر بەنزینمــان هەر لە عەمبارەكانی خۆمان دەرهێنا، بە گشــتی (١٤) ملیۆن لیترمان لە عەمبارەكانی خۆمــان دەرهێناوە لە ماوەی دوو مانگی رابردوو، ئەو سیســتەمەی دابەشكردنی بەنزین كاتییە لەگەڵ گەیشتنی رێژەی تەواو و عەمباركردنەوەی (١٤) ملیۆنە خەرجكراوە كە، دووبارە دەگەڕێنەوە ســەر سیســتەمی پێشوو كە(٣) رۆژ جارێك تاكسی (٤٠) لیتر بەنزین و بارهەڵگرو تایبەتی (٥) رۆژ جارێك (٤٠) لیتر بەنزین وەردەگرنەوە.

**بە بڕیارێكی وەزارەتی نەوتی عێراقی لە ژێر فشاری بانكی نێودەوڵەتی هێنانی هەموو جۆرە سووتەمەنییەك لە دەرەوە بۆ ناو عێراق قەدەغەكرا، بۆیە تاكە سەرچاوەی سووتەمەنی لە ساڵی(٢٠٠٧) دا تەنیا پاڵاوگەكانی بەرهەمهێنانی نەوت بوو لە ناو عێراقدا**

*** مــاوەی چەنــد مانگێك پێش ئێســتا بۆ دوو تا ســێ هەفتە نرخی بەنزینی حكومەتــی و كەرتی تایبەت داشــكاندێكی بەرچاوی بەخۆیەوە دیت، بەڵام دووبارە وەكو جاران گران بووە، هۆكاری سەرەكی ئەمە چی بوو؟**

**بەرپرسیان لە وەڵامدا گوتی:** ســەرەتا لە مبارەوە دەڵێم **حكومەتی كوردستان بۆ چارەســەركردنی گرفتی ســووتەمەنی بە تەواوی دەبێ سەرچاوەیەكی بەرهەمهێنان و دابینكردنی سووتەمەنی لە ژێر دەستی خۆی دابێت و، تا ئەو خاڵە نێتە دی ئەوە ئێمە ناتوانین چارەسەری بنەڕەتی گرفتی سووتەمەنی لە كوردستان بكەین،** هەڵكشان و دابەزینی نرخ بەپێی بڕ و رێژەی سووتەمەنیە كە هەموو كاتێك لە ئارادایە، چونكە ســەرچاوەی ســووتەمەنی و پاڵاوگە لە ژێر دەســەڵاتی خۆمان نییە، راستە ئەو كات رێژەی هاتنی سووتەمەنی زیادی كردبوو، بەڵام وەكو باســمان كرد بەهــۆی گرفتەكان دووبارە رێژەكە كەمتر بەدەســتمان گەیشت، ئەمەش هاوكێشــەكەی پێچەوانە كردووە بڕە كە كەمبووە و داواكاریشی لەسەر زۆرە نرخەكە بەرز بۆوە. هاوكات دەبێ ئەوەش بزانیــن هەر كوژانەوەیەكی لە نــاكاوی كارەبا وا لە پاڵاوگەی بێجی دەكات بكوژێتــەوە و(٥) رۆژی دەوێت تا دەگاتەوە ئاســتی بەرهەمهێنانی خۆی، ئەمەش مانگانە روودەدات.

هەروەهــا تەقینەوەی پردی گەیــارە كاریگەری لەســەر كەمبوونەوەی سووتەمەنیەكە دروستكرد، چونكە بەهۆی لە كاركەوتنی ئەم پردە سووتەمەنی بــە بۆڕی دەچووە كەركوك لەوێش لە تانكــەر دەكرا، ئینجا بۆمان دەهات، ئەمەش كەمتر بوو لەو بڕەی كە پێشــتر بۆمان دەهات و تا ئێســتا ئەم پردە چاك نەكراوەتەوە، بەڵكو لەلایەن ئەمریكییەكانەوە پردێكی كاتی دانراوە.

*** ئەوە دەزانین ســەرچاوەی سووتەمەنی لە ژێر دەسەڵاتی خۆمان نەبێ گرفتەكە چارەســەر نابێت ، باشــە خۆ ئێمە لە ســنووری كوردستان بیری نەوتمان زۆرە بۆ پاڵاوگەو سەرچاوەی بەرهەمهێنان دانانرێت؟**

**لــە وەڵامدا گوتی:** راســتە نەوتی خاو هەیە، بەڵام ناتوانرێ ســوودی لێوەربگیرێــت، ئەگــەر پاڵاوگەی بۆ دانەنرێت و پێكهاتەكانی دەبێ شــی بكرێتەوە ئەو كات سوودی هەیە و پاڵاوگەش دوو شتی پێویستە :



١- كاتێكی زۆر
٢- بوودجەی زۆر

ئێستا هەنگاو نراوە بۆ دروســتكردنی دوو پاڵاوگە لە كوردستان، یەكێك لــە بازیان و ئــەوی دیكە لە ناوچەی كەوروگۆســك لــە هەولێر ئەم دوو پاڵاوگە هەنگاویان تێدا نراوە و ئیشــكردن لــە ناویان بەردەوامە دەتوانم بڵێم پاش(٦) مانگی تر پاڵاوگەی كەورگۆســك و بازیــان تەواو دەبن ئەوكات دەتوانرێ (٤٠٪) لە پێداویســتی كازوایل و نــەوت دابین بكات یەكەمجار ناتوانرێت بەنزین بەرهەم بێت، شیواشــۆك وەكو هەولێر ئێمە ســوودمان لێی وەرنەگرتووە لەوانەیە شاری سلێمانی سوودیان لێوەرگرتبێت.

**حكومەتی كوردستان بۆ چارەسەركردنی گرفتی سووتەمەنی بە تەواوی دەبێ سەرچاوەیەكی بەرهەمهێنان و دابینكردنی سووتەمەنی لە ژێر دەستی خۆی دابێت و، تا ئەو خاڵە نێتە دی ئەوە ئێمە ناتوانین چارەسەری بنەڕەتی گرفتی سووتەمەنی لە كوردستان بكەین**

*** خەڵكانێكــی زۆر گلەیی و گازاندیان لە دابەشــكردنی نەوت هەیە، بنكە هەیە لە شــاری هەولێر وەكو بنكەی(٦و٧) دەڵێن تا ئێســتا نەوتمان وەرنەگرتووە، هاوكات لەلایەن حكومەتی كوردســتان بڕە پارەیەك تەرخانكرا**

که نەوتی پێی بکڕێت و بەنیوەی نرخی بازاڕ دابەشـــی سـەر خەڵك بکرێت لەمبارەشەوە چی کراوە؟ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەش بەڕێوەبەری دابەشکردنی سووتەمەنی هەولێر گوتی: لە (٢٠٠٦/١١/٥) دەستمان بە دابەشکردنی بەشە نەوتی ســاڵی (٢٠٠٧) بۆ شاری هەولێر کردووە ، لە ناوچە شاخاوییەکان تا ئێســتا گەیشتووینە گەڕی سێیەم کە تێیدا بەرمیلی سێیەم دابەش دەکەین لەمەش گەیشتووینە شارۆچکەی خەلیفان لە ماوەیەکی کەمدا تەواو دەبین لە دابەشکردنی هەر سێ بەرمیلی نەوت بۆ ئەم ناوچانە (شاخاوییەکان).

لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری لە دابەشکردنی بەرمیلی دووەمدداینە بەرمیلی یەکەم هەمـــوو خێزانێك وەری گرتووە و بەرمیلی دووەمیش هەموو بنکەکان وەریانگرتووە تەنیا بنکەی (٦و٧) ماوە کەوا لە رۆژی (٢٠٠٧/١/٢٢) رامـــان گەیاندووە کە لـــە چەند رۆژی داهاتوو ئەوانیـش بەرمیلی دووەم وەردەگـــرن لە داهاتوویەکی نزیکدا دەســـت بە دابەشـــکردنی بەرمیلە نەوتە بازرگانییەکـــەی دەکەین کە حکومەتی کوردســـتان بە (١٥٠) هەزار دینار دابینی کردووە بە نیوەی نرخەکەی دابەشـــی ســـەر هاووڵاتییانی دەکەینەوە، واتە بە (٧٥) هەزار دینـــار دەیدەینە هاووڵاتییان و(٧٥) هەزارەکەی دیکە



حکومەتی کوردســـتان دەیخاتە سەرشـــانی خۆی، لە ماوەی هەفتەیەك تا (١٠) رۆژ بنکـــەی( ٦و ٧) بەرمیلی دووەم وەر دەگرن و تەواو دەبێ، ئینجا دەست دەکەین بە بەرمیلە بازرگانییەکەی کە بەرمیلی سێیەم دەکات.

هەروەهـــا لە دوای دابەشـــکردنی بەرمیلی دووەم بەســـەر بنکەی (٦و٧) دا ئینجا دەســـت بە دابەشـــکردنی نەوت بەســـەر موتەفەریقە دەکەین. ئەوە بەنزینخانەیەك یاخود شـــوێنێك دەست نیشان دەکەین رۆژانە تا تەواو دەبێت بە پێی ئیمکانیات بەشـــە نەوتەکەیان پێدەدەین ئەمە بۆ ساڵی (٢٠٠٧)، بەڵام بۆ بەرنامەی ســـاڵی (٢٠٠٨) ئەو موتەفەریقەیە ناهێڵین بە دوو شـــێوە دابەشی نـــەوت دەکەین بەرمیلی یەکەم لە مانگی (١تا٦) دەســـت پێدەکەین و ئەوەی لـــە ماوەیەدا هەبوو(موتەفەریقە) ئـــەوە وەری دەگرێت و بەرمیلی دووەم لە مانگـــی(٦ تا ١٢)دەدرێت ئەو موتەفەریقەی لـــەو ماوەیەش دا هەبووە ئەو کات وەردەگرێت.

* گازۆایل وەکو هەموو سووتەمەنییەکان رۆژانە پێویستە ، بەتایبەتی بۆ ئامێر و ماکینەی خزمەتگوزاری و مولیداتی ئەهلی و حکومی لەمبارەوە گرفتەکان چییە و، چۆن چارەسەرکراوە؟ هەروەها کەمی و نەبوونی کارەبای حکومی چەند کاریگەری لەســەر گازۆایل هەیە؟ لەمبارەشـــەوە بەڕێزیان گوتی: گازۆایل وەکو هەموو ســـووتەمەنییەکانی تر پێداویستیەکی رۆژانەی خەڵك و حکومەتە، ئەمەش بەهەمان شـــێوە تەنیا(٣٠٪) پێداویستی رۆژانە دەگاتە لامان و ئێمەش بەپێی پێویســـتی و ئەولەویەت دەیدەین و دابەشـــی دەکەین.

لە راســـتیدا مولیدەی ئەهلی کاریگەری راســـتەوخۆی لەسەر رێژەی گازۆایـــل هەیە، چونکە ئێمـــە(١٠٠٪) گازۆایل بـــۆ مولیدەی ئەهلی و گەڕەکـــەکان دابین دەکەین ئەوانەی کە لەشـــەو هەشـــت کاتژمێر دەدەن بە هاووڵاتیـــان، ئێمـــە گازۆایل نادەین بەو مولیـــدە ئەهلیانەی بە رۆژ کارەبا دەدەن بـــە دوکان و گەڕەك و شـــوێنەکان، چونکە ئەمـــە تجاریە دەبێ بۆ خۆیـــان گازۆایل بکڕن و لە هەر شـــوێن و بـــە دواداچوونێك زانرا بێت کە تەنیا مۆڵەتی هەیە و مولیـــدە دانەنراوە ئەو برە گازۆایلە دەبڕین، مانگانە بە قەزاو ناحییەکان و ناو شـــاری هەولێر بڕی(٥و١٠) ملیۆن لیتر گازۆایل دەدەینە مولیدەی ئەهلی ، جگە لەو گازۆایلەی لە (٢٠٠٧) لە پاڵاوگەی بێجی بەدەســـتمان گەیشـــتووە پتر لە (٣٦) ملیۆن لیتر گازۆایل کڕاوە کە هەر لیتـــرێ بە(٨٠٠) دینار کڕاوە بە (٣٦٠) دینار دابەش کراوە، ئەمەش لـــە رێگای پارێـــزگاری هەولێرەوە دابینکراوە، لە راســـتیدا نەبوونی کارەبا کاریگەری راســـتەوخۆی لەســـەر گازۆایل و نەوت هەیـــە، ئەگەر هاتوو کارەبا باش بێت ئـــەوە بڕێکی زۆر لە گازۆایل دەگەڕێتەوە و بە تەئکیدیش هاووڵاتییان زۆر کەمتر پێویستیان بە نەوت دەبێت و نرخی نەوتی بازرگانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو دادەبەزێت.

هەروەها بەڕێزیان گوتی: ئێمە شەو و رۆژ بەڵکو لە(٨) ی بەیانی تا(١٢) ی شەو لە کارکردن و پەیوەندیکردن و هەولدانین بۆ هێنان و گەیشتنی بڕی سووتەمەنی بۆ شـــارەکەمان هەر لەوکاتەی ئۆتۆمبیلەکان نۆرەیان دێت لە بێجـــی و تا پڕی دەکـــەن و دەکەونە رێگاو دێنە بارەگا و عەمبارەکان ئێمە لـــە پەیوەندی و تەلەفۆن کردنین و هەندێ کێشـــە دێتە پێش بەڕێز پارێزگا و ئەنجومەنـــی وەزیران هاوکاریمان دەکەن و چارەســـەری دەکەن و پێدان و دابینکردنی بەشـــە سووتەمەنییەکان بۆ پارێزگای هەولێر لەلای ئێمە بەپێی گرنگی و ئەو لەویەتە تا پتر خزمەتی هاووڵاتییانی پێی بکرێت.

* قوتابخانە وبەشـــە ناوخۆییەکان لێرە لەوێ دەبیســـتین گلەییان لە کەمی سووتەمەنی هەیە؟

لەمبارەوە بەڕێزیان گوتی: مێرگەسۆر،سۆران ، چۆمان، شەقڵاوە .... تاد، دوو مانگ پێش ئێســـتا ســـووتەمەنییمان بۆیان دابین کراو، هەر ژوور هۆبەیەك (١٠٠) لیتر نەوتیان وەرگرتووە، بۆ ناو شاری هەولێر و پەروەردەی خەبات و دەشتی هەولێر لەسەرەتای زستان برە نەوتی تەواومان لەدەست نەبوو و سەرماش ئەمساڵ دواکەوت و لە پاشان پێشوو و جەژنی بەسەردا هات. نەوتمان پێیان نەدا، بەڵام لە (٢٠٠٨/١/١٠) هەر ژوور و هۆبەیەك (٤٠) لیتر نەوتمان بۆیان دابینکرد وەکو چارەســـەری یەکەم، ئەگەر سەرما هات و ئەو بە شـــەش بەشـــی تەواوی نەکردن ئەوە بڕی دیکەیان بۆ دابین دەکەین و، ئەگەر ســـەرماش کۆتایی هات ئەوە پێویست بەوە ناکات نەوتی دیکە بە قوتابخانەکان بدەین .

* ئایا ناتوانرێ نەوت بـــە بازرگانی لەلایەن حکومەتی کوردســـتان بێـــت و رێژەکەی زیادبکات و نرخی لـــە بازاڕ دابەزێت لەمبارەوش گوتی: بـــۆ یەك بەرمیل کە بەنیوەی نرخەکەی دەدرێتـــەوە هاووڵاتیان حکومەتی کوردستان(١٢٠) ملیۆن دۆلاری بۆ هەرسێ شار تەرخان کردووە، ئەگەر بە بەردەوامی حکومەتی کوردستان ئەمە بکات لە توانا و هێزی بوودجەکە دا نییە، چونکە پارەیەکی زۆر دەکات.

راستە نەوتی خاو هەیە، بەڵام ناتوانرێ سوودی لێوەربگیرێت، ئەگەر پاڵاوگەی بۆ دانەنرێت

بۆ یەک بەرمیل کە بەنیوەی نرخەکەی دەدرێتەوە هاووڵاتیان حکوومەتی کوردستان(١٢٠) ملیۆن دۆلاری بۆ هەرسێ شار تەرخان کردووە

لە ناو شاری هەولێر و دەوروبەری لە دابەشکردنی بەرمیلی دووەمداینە بەرمیلی یەکەم هەموو خێزانێک وەری گرتووە و بەرمیلی دووەمیش هەموو بنکەکان وەریانگرتووە تەنیا بنکەی(٦و٧) ماوە کەوا لە رۆژی (٢٠٠٧/١/٢٢) رامان گەیاندووە کە لە چەند رۆژی داهاتوو ئەوانیش بەرمیلی دووەم وەردەگرن لە داهاتوویەکی نزیکدا دەست بە دابەشکردنی بەرمیلە نەوتە بازرگانییەکەی دەکەین کە حکوومەتی کوردستان بە (١٥٠) هەزار دینار دابینی کردووە بە نیوەی نرخەکەی دابەشی سەر هاووڵاتییانی دەکەینەوە